# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا سەبارەت بە ئارەق (ئەلکهول)، نەهی لێکرد لەوەی کە دروست وئامادەی بکات، ووتی: بۆ چارەسەر دروستی دەکەم، فەرموی: ئەوە چارەسەر نییە بەڵکو ئەوە نەخۆشی ودەردە

لە وائیلی حەزرەمیەوە دەڵێت: تاریقی کوڕی سوەیدی جوعفی پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد سەبارەت بە ئارەق (ئەلکهول)، ئەویش (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) نەهی لێکرد -یان پێی خۆش نەبوو- لەوەی کە دروست وئامادەی بکات، (تاریق) ووتی: بۆ چارەسەر دروستی دەکەم، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەوە چارەسەر ودەرمان نییە بەڵکو ئەوە نەخۆشی ودەردە».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا تاریقی کوڕی سوەید -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد سەبارەت بە دروستکردن وئامادەکردنی ئارەق (ئەلکهول) بۆ بەکارهێنانی وەکو دەرمان وچارەسەر نەک بۆ خواردنەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو کە ئارەق (ئەلکهول) نەخۆشی ودەردە نەک دەرمان وچارەسەر بێت بۆ نەخۆش، وبۆیە ئەمیش بەڵگەیە لەسەر حەرامبوونی ئارەق (ئەلکهول) ودەبێتە هۆی نەخۆشی ودەردی زیاتر بۆ نەخۆش، وهیچ سوودێکی نییە بۆ پێویستە لەناو ببرێت وفڕێبدرێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58263

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee